

# دەوڵەت

## ڤلادیمیر لینین

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:

**فوئاد مەجید میسری**

V. I. Lenin

**The State**

A Lecture Delivered at the Sverdlov University

July 11, 1919

# دەوڵەت

١٩١٩

## ڤلادیمیر لینین

وانەبێژیەکی لینینە کە ڕۆژی ١١ی جولای ١٩١٩ لە زانکۆی سفیردلۆف  ئەنجامی داوە

بڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن

لە زنجیرە چاپکراواوەکان

nawandikomon@gmail.com

nawandikomon.com

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی کۆمۆن

ناوەندی کۆمۆن

دەوڵەت[i]

هاوڕێیان، وەک پێیان ڕاگەیاندووم و بە پێی ئەو بەرنامەیەی خۆتان دیاریتان کردووە. بابەتی وانەبێژی ئەمڕۆمان مەسەلەی دەوڵەتە. نازانم تا چ ڕادەیەک ئێوە لە ئێستادا تا چ ڕادەیەک شارەزای ئەم مەسەلەیەن، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم زۆر نییە دەستتان بە وانەکانتان کردووە و یەکەم جاریشتانە بەشێوەیەکی وا ڕێکوپێک ئەم مەسەلەیە دەخوێنن. لەبەرئەوە ڕەنگە لەیەکەم وانەدا نەتوانم بە ڕوونی و وەک پێویست هەموو بەشداران تێبگەیەنم. جا ئەگەر شتی وا ڕووی دا، تکاتان لێ دەکەم تووشی دوودڵی نەبن، چونکە مەسەلەی دەوڵەت یەکێکە لە هەرە مەسەلە گرنگ و ئاڵۆزەکان. فەیلەسووف، زانا و نووسەرە بۆرژواکان هیچ مەسەلەیەکیان ئەوەندەی مەسەلەی دەوڵەت نەشێواندووە. بۆیە هەرگیز نابێ چاوەڕوانی ئەوەبین لە وتووێژ و چاوپیکەوتنێکی کورت و کەمخایەندا ئەم مەسەلەیە بەتەواوی ڕوون بکرێتەوە. بەڵکو پێویستە لەسەر هەر یەکێک لە ئێوە پاش کۆتایی هاتنی یەکەمین وانەبێژەی، لە چ خاڵێک تێنەگەشتوون یان بەلاتانەوە قورس بووە تۆماری بکا و پاشان دووەم و سێیەم و چوارەم جار پێیدا بچێتەوە، ئەوجا چ بەهۆی خوێندنەوەوە بێ، یاخود بەهۆی وتووێژ و وانەبێژیەوە، بگەنە ئەنجام و تێگەیشتنی تەواو بەدەستبهێنن. هیوادارم جارێکی تریش دەرفەتی کۆبونەوەمان بۆ بڕەخسێ، تاوەکو هەموو ئەو مەسەلانەی بە لامانەوە شاراوە و نادیارن شرۆڤەیان بکەین بیروڕایان لەسەر ئاڵ گۆڕ بکەین و باشتر لێیان شارەزا ببین. هیوام زۆرە تۆزێکیش لەکاتی خۆتان **بێجگە لەوەی بۆ کۆڕ وگفتوگۆ تەرخانتان کردووە** بەخوێندنەوەی نووسینە بنەڕەتیەکانی ***کارل مارکس و فریدریک ئەنگلس*** ـەوە خەریک بکەن، هەڵبەت ئەو نووسینانەیشتان بە ئاسانی لەناو لیستی ئەو کتێبانەدا بەرچاو دەکەون کە بۆ قوتابیانی قوتابخانەی بەرێوەبەرایەتی سۆڤیەت و حزب ئامادەکراون و لە کتێبخانەکەی ئێستای خۆتاندا پارێزراون. هەرچەندە قورسی و گرانی بابەتەکان لە سەرەتادا هەندێکتان دەترسێنێ، بەڵام ئەمجارەیەش دووبارەی دەکەمەوە، کە هیچ پێویست بە ترس و گومان ناکات. چونکە ئەوەی یەکەم جار بە زەحمەت تێی دەگەین، بە خوێندنەوەی دووەم جار ئاسانتر دەبێ. یاخود کە بەشێوەیەکی تر لێی دەکۆڵنەوە باشتر لێی حالی دەبن. جارێکی تریش دەیڵێمەوە کە ئەم مەسەلەیە ئەوەندە ئاڵۆزە، زانا و نووسەرە بۆرژواکان بە جۆرێک شێواندوویانە، ئەوەی بەڕاستی بیەوێ بیری لێ بکاتەوە، دەبێ سەربەخۆ تێبگا، دەبێ


ناوەندی کۆمۆن

چەندین جار تاوتوێی بکاو پاشان بگەڕێتەوە سەری و لەهەموو ڕوویەکەوە بیخاتە بەردەستی خۆی. تا ئەگاتە ئەو ئاستەی بە ڕوونی و لەبنەڕەتەوە لێی حاڵی دەبێ. جا چونکە مەسەلەی بنچینەیی و سەرەکی لە تەواوی کاروباری سیاسیدا، پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەیە و مادام هەموو ڕۆژێک و لە دووتوێی هەموو ڕۆژنامەیەک و لە ڕووبەڕووبونەوەی گشت مەسەلەیەکی ئابووری و سیاسیدا ***نەک هەر لەم دۆخە*** **شۆڕشگێڕیەی ئێستاماندا، بەڵکو لە هێمنترین کاتیشدا خۆتان لەبەرامبەر مەسەلەیەکدا دەبیننەوە، ئەویش ئەوەیە: دەوڵەت چییە؟ جەوهەری دەوڵەت کامەیە؟. ڕۆڵی دەوڵەت چییە؟. ئایا هەڵوێستی حزبی تێکۆشەری ئێمە و خەڵکی تری کۆمۆنیست سەبارەت بە دەوڵەت و لەپێناو ڕوخاندنی سەرمایەداریتی چۆنە؟** هەموو ڕۆژێک و بەهەر بۆنەیەکەوە بێ، دێینەوە سەر ئەم مەسەلەیە. لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە، چ بە خوێندنەوەی خۆتان و چ لەو کۆڕانەدا کە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی دەوڵەت دەبەسترێن، هەوڵ بدەن بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێی بکۆڵنەوە، چونکە ئەم مەسەلەیە لە بواری جیاجیادا یەخەتان دەگرێ. تەنانەت شتە بچوکەکانیش لە مەسەلەی دەوڵەت بەدەر نین. بە نموونە: کە مشتومڕ لەتەک ناحەزاندا دروست دەبێ، دیسان ئەم مەسەلەیە، بەم یان بەو شێوە دێتەوە ئاراوە. بە کورتی دەوڵەت و چۆنیەتی پەیدابوونی، مەسەلەیەکی ئەوتۆیە، لە کات و شوێنی وادا قوت دەبێتەوە هەرگیز چاوەڕانی ناکەن. ئەوکاتەیەش کە بە باشی لە جەوهەری دەوڵەت تێگەیشتن، بۆتان هەیە بڵێن: بیروباوەڕمان بنجی داکوتاوە. پاشان دەتوانن سەرکەوتوانە و لە هەموو بارودۆخێکدا بەرگری لێ بکەن. پاش ئەم چەند تێبینیە، دێمە سەر کاکڵەی مەسەلەکە: دەوڵەت چییە؟ چۆن پەیدا بووە ؟ دەبێ حزبی تێکۆشەری پرۆلیتاریا، حزبی خەڵکی کۆمۆنیست لە بنەڕەتدا چ جۆرە هەڵوێستێکی هەبێ بەرامبەر دەوڵەت و لەپێناوی ڕوخاندنی سەرمایەدارێتیدا؟

لە بەرایی قسەکانمدا گوتم: هیچ مەسەلەیەک نییە، زانست و فەلسەفە و سیاسەتی ئابووری و ڕۆژنامەی بۆرژوا، ئەوەندەی مەسەلەی دەوڵەت شێواندبێتیان. زۆرجاریش ئەم مەسەلەیە تێکەڵ بە مەسەلەی ئاین دەکرێ، بەڵا م نەک لە لایەن پیاوە ئاینیەکانەوە **کە شتێکی سروشتییە ئەوە بکەن** بەڵکو لە لایەن خەڵکی ئەوتۆ، وا خۆیان لەقەڵەم ئەدەن گوایە لە خەم و خەیاڵی ئاین ڕزگار بوون. ئەوانە خەڵکێکن مەسەلەی

ئایین و دەوڵەت تێکەڵ بە یەکتر دەکەن و گەرەکیانە باوەڕیک بهێننە گۆڕێ ***زۆر جاریش ئەوانە بیروڕایەکی ئاڵۆزو شێواون و بەرگێکی فەلسەفی دەپۆشن*** بڵێین: دەوڵەت شتێکی خواییە و بابەتێکە لە وزەی ئادەمیزاد دا نییە و هێزێکی ئەوتۆیە بەدرێژایی مێژوو پاڵپشتی خەڵک بووە. گوری داوەتە خەڵک و هێزو گوڕێکی وای بە خەڵک بەخشیوە، مرۆڤ خۆی توانایی دابینکردنی نییە و هێزێکە لە سەروو مرۆڤەوە. بە واتایەکی تر، هێز و توانای دەوڵەت شتێکی خواییە. لێرەدا پێویستە ئەو حەقیقەتە لەیاد نەکرێ کە ئەم چەشنە بیروڕا و بۆچوونە، پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان بە بەرژەوەندی چینە دەسەڵاتدارەکانەوە هەیە واتە: **خاوەن موڵک و سەرمایەداران** ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوون و سەرتاپای زانیارییەکانی نوێنەرانی چینی بۆرژوان، تەنانەت پەڕاگەندەی ئەو جۆرە لێکدانەوەیە لەهەموو هەنگاوێکی مەنشەفیکەکان[ii] و سۆشیال شۆرشگێڕەکان دا[iii] بەرچاو دەکەوێ. کەچی بە قسە و پڕوپاگەندەش نکۆڵی لەوە دەکەن ملکەچی بیروڕای ئایینی بن و بە قسەی خۆیان، بە هۆشیارییەوە دەڕواننە مەسەلەی دەوڵەت!!!. ئەم مەسەلەیە بۆیە ئەوەندە شێواوە و بەو ڕادەیە ئاڵۆز کراوە، چونکە بنچینەکانی زانستی ئابووری سیاسی لێ دەرچێ، لە هەموو مەسەلەیەک زیاتر پەیوەندی بە بەرژەوەندی چینە دەسەڵاتدارەکان هەیە. ئەو چەشنە بیروڕایانەی کە قسە لە چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵەت دەکەن، بەهانە بۆ ئمتیاز و دەسکەوتی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوە و گەشەکردنی سەرمایەداری دەدۆزنەوە. لەبەر ئەوە، گەورەترین هەڵە ئەوەیە، چاوەڕوانی ئەوە بین بێلایەنانە تەماشای ئەم مەسەلەیە بکرێ. گەورەترین هەڵە ئەوەیە بە قسەی زەرد و سووری ئەوانە دەسخەڕۆ ببین کە لە بەرگی مەوزوعیەتدا خۆیان دەشارنەوە و دەیانەوێ ڕواڵەتێکی زانستیانە بەم مەسەلەیە بدەن.

لە مەسەلەی دەوڵەتدا، لەو بیروڕایانەدا کە لە دەوڵەت ئەدوێن، لە تیۆری دەوڵەت خۆیدا، بەتایبەت کە بە قووڵی لێی دەکۆڵنەوە، هەست بە خەباتی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. خەباتی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانە بە ڕوونی لەشێوەی بیرکردنەوەیدا بەرامبەر بە دەوڵەت و لە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و بایەخی دەوڵەتدا، دەردەکەوێ.

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستیانە قسە لەم مەسەلەیە بکەین دەبێ ***با بەخێراییش بێ*** چاوێک بە مێژوودا بگێڕین و بزانین دەوڵەت چۆن پەیدا بوو، چۆنیش گەشەی کرد! باشترین ڕێگا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەسەلەیەکی سۆسیۆلۆژی **ئەگەر مەبەستمان بێ به شێوەیەکی ڕاست و دروست شیبکەینەوە و خۆمان لەناو کۆمەڵێک شتی ورد و لاوەکی و چەندین بیر و لێکدانەوەی جیاواز و دژ بە یەکدا وون نەکەین** ئەوەیە: بنچینەی مێژوویی لە تێڕوانینێکی زانستیانەوە لەیاد نەکەین و بەم شێوەیە بڕوانینە مەسەلەکە: ئەم دیاردەیە، لە ڕووی مێژووییەوە چۆن پەیدابوو؟ پاشان لە ڕەوتی گەشەکردنیدا بە چەند قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە و ئەنجام گەشتۆتە کوێ؟!

هیوادارم سەبارەت بە مەسەلەی دەوڵەت بەوردیی کتێبی ***بنچینەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت*** ی **ئەنگڵس** بخوێننەوە. ئەو کتێبە یەکێکە لە نووسینە بنەڕەتییەکانی سۆشیالیزمی هاوچەرخ و چی وشە و ڕستەی هەیە جێگای ئەوپەڕی متمانە و باوەڕە. تاکە ڕستەیەکی هەرواو لەخۆوە نەنووسراوە و پشتی بە کەرەسەیەکی زۆری مێژوویی و سیاسی بەستووە. بێگومان هەموو بەشەکانی ئەو کتێبە لە ڕووی ئاسانی و تێگەیشتنەوە، وەک یەک نین. هەندێکیان خوێنەری ئەوتۆی دەوێ ، تا ڕادەیەک شارەزای زانستە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بێ. بەڵام سەرەرای ئەوەیش. جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە و پێتان دەڵێم: ئەگەر بەجارێک خوێندنەوە تێنەگەیشتن گرنگ نییە، چونکە کەم ڕێدەکەوێ مرۆڤ بە تاقە جارێک لە بابەتی گرنگ و گران تێبگا. دڵنیابن کە دووەم جار ئارەزووی خوێندەوەتان کرد، زۆربەی ئەگەر نەڵێم هەمووی، تێدەگەن. بۆیە ئەم کتێبەم هێنایەوە یادتان، چونکە لە باری سەرنجی زانستەوە دەڕوانێتە مەسەلەی دەوڵەت و ڕاست دروست شی دەکاتەوە. بە وەسفێکی مێژوویی دەستپێدەکات و پاشان دێتە سەر چۆنیەتی دروستبوون و هاتنەکایەی. ئێمەیش بۆ ئەوەی شان بەشانی هەر مەسەلەیەکی تری وەک نەش و نماکردنی سەرمایەداری، سەرهەڵدانی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی، سۆشیالیزم، چۆنیەتی پەیدابوونی سۆشیالیزم و ئەو بارودۆخەی تێیدا پەرەی سەند و گەشەی کرد؛ دەڵێین: شان بەشانی هەریەک لەو مەسەلانە، مەرجە مەسەلەی دەوڵەتیش لە ڕەوتی مێژوویی گەشەکردنی بکۆڵدرێتەوە. تاوەکو بە دڵنیایەوە لە هەلومەرجی دروستبوون و گەشەکردنی تێدەگەین.

بەر لە هەر شتێک، پێویستە ئاگامان لەوە بێ کە لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی مرۆڤایەتیدا، دەوڵەت لە گۆڕێ نەبووە. چونکە کاتێک دەوڵەت هاتە ئاراوە کە کۆمەڵ بووە چەند چینێکی جیاجیا. واتە لەو کاتەوە دەوڵەت پەیدا بوو کە چەوساوە و چەوسێنەر وەک دوو چینی جیاواز سەریان هەڵدا.

بەر لەوەی شێوەی یەکەمی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە خۆ بنوێنێ، واتە بەر لەوەی شێوەی یەکەمی جیاوازی چینایەتی سەرهەڵبدا ***چینی کۆیلە و خاوەن کۆیلە*** کۆمەڵ بریتی بوو لە **خێزانی پاتریرکی** یان ئەوەی کە بەخێزانی تیرە* ناسراوە و تا ئێستاش ئاسەواری ئەو قۆناخە سەرەتاییە بە ئاشکرا لەشێوە گوزەرانی زۆربەی میللەتە دواکەوتووەکاندا دەبینرێ. دەەست بدەینە هەر نووسراوێک لەوانەی باسی شارستانیەتی کۆن دەکەن ڕووبەڕووی چەندین وێنە، هێما و یادگاریی سەردەمەکانی پێشین دەبینینەوە و هەر هەموویان بەم یان بەو شێوە کۆمۆنی سەرەتاییان بەسەر بردووە و تێیدا نە کۆیلە و نە خاوەن کۆیلە لە ئارادا نەبوون. بەوپێیە دەوڵەتیش لە گۆڕێ نەبووە. دام و دەزگایەکی ڕێکخراوی زەبر وەشێنیش لەناودا نەبووە، خەڵکی بە زۆر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە وەک ئەوەی پێی دەگوترێ دەوڵەت.

لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا، کاتێک کە خەڵکی بەشێوەی بەرەباب دەژیان و لەپلەی هەرە خوارەوەی پەرەسەندنابوون و گوزەرانیان شێوە ئاژەڵی بوو، سەردەمێکە چەند هەزار ساڵی بەسەردا تێپەڕ بووە. لەو قۆناخەدا هیچ بەڵگەیەک نابینین پێمان بسەلمێنێ دەوڵەت هەبووبێ. ئەوەندە هەیە، لەو سەردەمەدا چەشنە نەریتێک باوبووە. نەریتی ئەوەی پیاو ماقوول و خەڵکی بەتەمەنی ناو بەرەباب جێگای ڕێزی سەرپاکی ئەندامانی خێزان بوون، هەندێ جاریش ئەو دەسەڵاتە کەوتۆتە دەست ژنان؛ چونکە لەو قۆناخەدا ژن وەک ئەم سەردەمە چەوساوەو زۆرلێکراو نەبوون. لەهیچ شوێنێکیش هەست بەوە ناکەین دەستەیەک خەڵک هەبووبن خۆیان لەسەرجەم کۆمەڵ جیا کردبێتەوەو حوکمڕانی کۆمەڵگایان کردبێ و دام و دەزگای هەمیشەیی و ڕێکوپێکیان بۆ خزمەتی ئامانجەکانی خۆیان پێکهێنابێ. دامودەزگایەکی زەبروەشێنی وەک ئەوەی ئەمڕۆ

* بەرەباب. خێڵەکی

دەیبینین و خۆیشتان تێیدەگەن کە لەسەربازی چەکدارو بەندیخانە و چەندین ئامرازی تری سەرکوتکەر پێکهاتووە کە کاکڵەی دەسەلات و دەوڵەت پێکدەهێنن.

جا ئەگەر توانیمان دەستبەرداری بیروڕای ئاینی و هاش و هوشەی هەندێ ڕێبازی فەلسەفی و سەرپاکی بیروبۆچوونی زانا بۆرژواکان ببین و بەشوێن جەوهەری مەسەلەکەدا بگەڕێین. بۆمان دەردەکەوێ کە دەوڵەت لەوە بەولاوە دامودەزگایەکە لە کۆمەڵ جیابووتەوە و حوکمڕانی دەکا شتێکی تر نییە. کاتێک دەستەیەک خەڵک ئیش و کاریان دێتە سەر حوکمڕانی بۆ ئەوەی بتوانن خەڵکی سەرکوت بکەن، پێویستیان بە دامودەزگایەکی زەبر وەشێن دەبێ، پێویستیان بە بەندیخانە و دەستەیەک خەڵکی تایبەت و سوپاو.. تاد، دەبێ. ئا لەو کاتەدا دەوڵەت دێتە گۆڕێ. بەلام سەردەمێکی دیاریکراو لە مێژووی مرۆڤایەتی، دەوڵەتی بەخۆیەوە نەدیوە. پەیوەندی گشتی ناو کۆمەڵ و رێکخستنی کار، پشتی بە نەریتی کۆمەلایەتی و دەسەلاتی پیرەپیاوانی ناو خێزان، یاخود بە دەسەلاتی ئەو ژنانە بەستووە کە نەک هەر هاوشانی پیاوان بوون، بەڵکو زۆرجاریش لەپیاوان دەسەلاتدار تر بوون. لەو سەردەمەدا دەستەیەک خەڵک نەیانتوانیوە خۆیان بۆ حوکمڕانی تەرخان بکەن. مێژوو دەیسەلمێنێ دەوڵەت بەو پێیەی کە دامودەزگایەکی سەرکوتکەری خەڵکە، ئەوکاتە بنیادنراوە کە کۆمەڵگا بەسەر چەند چینێکدا، دابەشبووە. واتە کۆمەڵ بەجۆرێک دابەش دەبێ، بەشێکی دەبێتە خاوەنی کاری ئەوانیتر، یان ڕوونتر بڵێین، یەکێک یەکێکی تر دەچەوسێنێتەوە.

هەمیشە پێویستە بەڕوونی تەماشای چۆنیەتی دابەشبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکەین لەڕەوتە مێژوویەکەیدا، چونکە ئەو دابەشبوونە حەقیقەتێکی بنچینەییە. پەرەسەندنی سەرپاکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدرێژایی هەزاران ساڵ و لەهەموو ولاتانی دونیادا بەبێ جیاوازی، یاسای گشتی ئەم پەرەسەندنەمان نیشان دەدا. لەسەرەتادا کۆمەڵی فرەچین لەئارادا نەبووە. لە پێشدا کۆمەڵگای پاتریرکی یەکەم و دوای ئەو کۆمەڵگای سەرەتایی کە خەڵکی ئەریستۆکراسی تێدا نەبوو، پاش ئەوان کۆمەڵگای کۆیلەتی کەلەسەر بناغەی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ بنیاتنرا سەرتاپای کیشوەری ئەوروپای خاوەن شارستانیەتی ئەمرۆ، بەم ڕێچکەیەدا تێپەڕیوە. دوو هەزار ساڵی رابوردوو سیستمی کۆیلەیەتی شێوەی باوو دەسەلاتدار بووەو زۆربەی

هەرە زۆری گەلانی دونیا ئەو قۆناخەیان بڕیووە و تا ئێستایش شوێنەواری کۆیلەتی لەناو میللەتە دواکەوتووەکاندا ماوە. لەم سەردەمەیشدا پەڕاگەندەی ئەو سیستمە لە دامودەزگا کۆیلایەتییەکانی وڵاتانی ئەفریقادا دەبینەوە. کەواتە کۆیلەو خاوەن کۆیلە، یەکەمین دابەشبوونی کۆمەڵایەتییە.

وە نەبێ لەسایەی ئەو سیستمەدا خاوەن کۆیلە بەتەنیا هەرخاوەنی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بووبێ بەو لاوازیی و سەرەتاییەی خۆیانەوە -- زەوی و ئامرازی بەرهەمهێنان ـ جگە لەوانەیش خاوەنی مرۆڤ بوو. بۆیە بەخاوەن کۆیلە ناو دەبرا. ئەوانەیشی کە کاریان دەکرد بەری رەنجی خۆیان دەدا بە خەڵکی تر. پێیان دەگوترا کۆیلە.

دوای ئەم شێوەیە، شێوەیەکی تر هاتە ئاراوە کە بە سیستمی دەرەبەگایەتی ناسراوە. کۆمەڵگای کۆیلەتی لەڕەوتی پەرەسەندنیداو لەناو زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی سەر زەمیندا، بوو بە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی. شێوەی دابەشبوونی کۆمەڵیش لەم قۆناخەدا بەم شێوەیە بوو. لەلایەک خاوەن زەوییە گەورەکان کە سەرداری جوتیاران و رەعیەت بوون، لەلایەکی ترەوە جوتیاران و رەعیەت. لەسایەی ئەم سیستمەدا شێوەی پەیوەندی نێوان خەڵکی بەتەواوی گۆڕدرا. لەقۆناخی کۆیلەتیدا، کۆیلە وەک هەر کەل و پەلێکی تری خاوەن کۆیلە لەقەڵەم دەدرا. ئەم سیستمە چینایەتییە، سەبارەت بە جوتیاری رەعیەتیش درێژەی کێشا. بەڵام خاوەن زەوی کە سەرداری جوتیارەکە بوو، بۆی نەبوو ببێتە خاوەن جوتیار و بە چەشنی کەل و پەلی تایبەتی خۆی مامەڵەی لەتەکدا بکا؛ ئەوەندە نەبێ مافی ئەوەی هەبوو خاوەنی کاری جوتیار بێ بۆیشی هەبوو بە زۆر ملی پێ کەچ بکا. خۆیشتان دەزانن سیستمی دەرەبەگایەتی، بەتایبەت لە ڕووسیادا کە زۆرترین ماوەی خایاندووەو بەدڕندەترین شێوە خۆی سەپاندبوو، لە واقیعدا: جیاوازییەکی لەگەڵ سیستمی کۆیلایەتیدا نەبوو.

پاشان لەناو جەرگەی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیداو لەگەڵ گەشەکردنی بازرگانی و سەرهەڵدانی بازاڕی جیهانی و ئاڵوگۆرکردنی دراودا، چینێکی کۆمەڵایەتی تازە کە سەرمایەدارانن هاتە ئاراوە.

لەگەڵ بەرهەمهێنانی کاڵا و ئاڵوگۆڕکردنیدا دەسەڵاتی دراو، ئینجا دەسەڵاتی سەرمایە خۆی نواند. لەساڵانی سەدەی هەژدەمیندا، یان ڕاستتر لەدوا دوای سەدەی هەژدەمین و ساڵانی سەدەی نۆزدەیەمیندا، چەندین شۆڕش لەسەرانسەری جیهاندا بەرپابوون و ئەنجام لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا سیستمی دەرەبەگایەتی زیندەبەچاڵکرا، بەڵام لە ڕووسیادا درێژەی کێشا. ساڵی ١٨٦١ لەڕووسیاشدا ئاڵوگۆڕێک ڕوویداو بووە هۆی گۆڕینی شێوەی کۆمەڵگای ڕووسیایی. واتە سیستمی دەرەبەگایەتی بوو بە سەرمایەداری و کۆمەڵی فرەچین لەسەر هەمان شێوەی خۆی مایەوە و تەنانەت هەندێ شوێنەواری سیستمی دەرەبەگایەتیشی تێدا مایەوە، بەڵام خودی سیستمەکە لەبنەڕەتەوە گۆڕدراو لەفۆرمێکی تردا خۆی نواند.

سەرمایەداران، خاوەن زەوییەکان، خاوەن کارخانە و کارگەکان، ئەوسایش و ئێستایش و لەهەموو وڵاتانی سەرمایەداریدا بریتین لەدەستەیەک خەڵکی و دەستیان بەسەر ڕەنجی میللەتدا گرتووەو جەماوەری زەحمەتکێشیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و بە زەبری زوڵم و ستەم دەیان چەوسێننەوە. ئەم جەماوەرەیش زۆربەیان پرۆلیتارن و بەکاری کرێگرتە دەژین و لە بازو فرۆشتن، لەهێزی کاری خۆفرۆشتن بەولاوە، هیچ ڕێگایەکی تر نابیننەوە بژێوی خۆیانی پێدابینبکەن. هەرچی جوتیارانیشە کە لەسەردەمی دەرەبەگایەتییەوە دەچەوسێنرانەوە پەڕەوازە بوون لەسایەی سیستمی سەرمایەدارتیدا دابوون بەدوو بەشەوە. بەشێکیان بوونە جوتیاری دەوڵەمەندو بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباریان بەکرێ ئیش بە خەڵکی دەکەن و پێیان دەگوترێ بۆرژوای لادێ. بەشەکەی تریان کە زۆربەی جوتیارانن. بوونە پرۆلیتاریا.

گواستنەوەی کۆمەڵ لە کۆیلەتی سەرەتاییەوە بۆ دەرەبەگایەتی و پاشان بۆ سەرمایەداریتی، مەسەلەیەکی تەواو بنچینەییە و دەبێ هەمیشە ئاگاتان لێی بێ. چونکە گەر بێ و ڕەچاوی ئەو هەنگاوانە نەکەن و بیروڕا سیاسیەکان لەچوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕەدا دانەنێن، ئەوا هەرگیز ناتوانن وەک پێویست هەلیان سەنگێنن و ئەوی مەبەستتانە تێی بگەن. چونکە هەریەک لەو قۆناغە گەورانەی مێژووی مرۆڤایەتی **کۆیلەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداریتی** دەیان و سەدان سەدەیان خایاندوە و چەندین شێوەو بیروڕای سیاسی جۆربەجۆریان لەخۆوە گرتووە و دەیان شۆڕشی گەورە

گەورەیـان تێـدا بەرپـابووە. بەڕادەیەک مـرۆڤ هەرگیـز نـاتوانێ وا بەئاسـانی خـۆی لەقەرەی ئەو هەموو شێوە گەورەو گرانانە بدا .. بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندییان بە بیروڕای سیاسی و فەلسەفی زانا و سیاسەتمەدارەکانی چینی بۆرژواوە هەیە .. ئەگەر دابەشبوونی کۆمەڵ و واقیعی چینایەتی نەکاتە قیبلەنمای خۆی و لەم باری سەرنجەوە تەواوی مەسـەلە کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسـی ورووحـی و ئاینیەکـان لێـک نەداتەوە.

گەر لەم تێڕوانینەوە تەماشای دەوڵەتتان کرد، بۆتان دەردەکەوێ .. وەک پێشتر باسم کـرد .. بەر لەدابەشـبوونی کـۆمەڵ و پەیـدابوونی چینـە جیاجیاکـان، دەوڵەت لەئـارادا نەبووە. بەڵام هەتا کۆمەڵی فرەچین لە گۆڕێ بێ و هەتا جیاوازی چینایەتی زیاتر بنج بەسـت ببێ، دەوڵەتـیش ئەوەنـدە ڕەگوڕیشـەی خـۆی پتەوتـر دادەکـوتێ. لە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا بەچـاوی خۆمـان دەیـان و سـەدان وڵات دەبینـین قۆنـاغی کـۆیلەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریتیان تێپەڕاندووە.

جـا سـەرەڕای چەنـدین ئـاڵوگۆڕی گەورە گەورەی مێژوویـی و ئەو هەمـوو گـۆڕانە سیاسـیانەی کە ڕوویـان داوەو سـەرەڕای ئەو شۆڕشـانەی لە ئەنجـامی گەشـەکردنی کۆمەڵگـــای مرۆڤـــایەتییەوە بەرپـــابوون و کۆمەڵگایـــان لەکـــۆیلایەتییەوە بەرەو دەرەبەگـایەتی و ئینجـا سـەرمایەداریتی گواسـتەوەو پاشـان تـین و تەوژمیـان دا بە خەباتی چینایەتی ئەم سەردەمە دژی سەرمایەداریتی دەڵێین، سەرەڕای هەموو ئەمانە لەهەریەک لەو وڵاتانەدا بە بەردەوامی دامودەزگای دەوڵەت ئەبینین.

دەوڵەت هەمیشـە دامودەزگـایەکی لە کـۆمەڵ دابـڕاو بـووە و لە دەسـتەیەک خەڵـک پێکهاتووە لە حوکمڕانی زیاتر کاری تریان نەبووە. بەو جۆرە لە کۆمەڵگای فرەچیندا خەڵکی دەبن بە دوو بەشـەوە، بەشـێکی ژێر دەسـتە و بەشـەکەی تر دەبنە پسـپۆری حـوکمڕانی و خۆیـان لەژوور کـۆمەڵ دائەنێین و نـاوی فەرمـانڕەوا یـاخود نـوێنەری دەوڵەت لەخۆیـان دەنـێن. ئەم دامودەزگـایە ئەم دەسـتە خەڵـکەی حـوکمڕانی دەکەن هەمیشە دامودەزگایەکی زەبروەشێنیان بەدەستەوەیە، جا ئیتر ئەوە گالۆکێکی قۆناغی کۆیلەتی بووبێ، یان چەکی پەرەسەندوتری ئاگرینی سەدەکانی ناوەڕاست، یان چەکی

نوێ و مۆدێرنی ئەم سەردەمە بێ کە موعجیزەی[NK] تەکنۆلۆژیای سەدەی بیستەم بەرهەمیان دەهێنێ.

ڕاستە و نکۆڵی لەوە ناکرێ کە شێوەی زەبروزەنگ گۆڕدراوە، بەڵام هەر کاتێک دەوڵەت لەگۆڕێ نەبووبێ بەردەوام دەستەیەک خەڵک هەبووە حوکمڕانییان کردووە؛ فەرمانیان دەرکردووە، سەرەوەر و باڵادەست بوون، ئەمانە لەپێناوی هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیاندا، خاوەنی دامودەزگایەکی زەبروەشێن بوون، ئەو دامودەزگایەیش چەکی وای بەدەستەوە بووە لەتەک ئاستی تەکنیکی سەردەمەکەی تەواو گونجاوو بووە.

ئێمە هەرگیز ناتوانین بەڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە: ئاخۆ دەوڵەت چییە؟! ئەگەر هەموو ڕووداوە گشتیەکان نەخەینە بەر زەینی خۆمان، بە قووڵیی بیریان لێ نەکەینەوە و لە خۆمان نەپرسین: بۆچی کاتێک کە کۆمەڵی فرەچین لەگۆڕێ نابێ، دەوڵەتیش لەئاردا نییە؟! ئەی بۆچی کە چەوساوە و چەوسێنەر پەیدا دەبن دەوڵەتیش خۆی ئەسەپێنێ؟!. ... **ئێستا دێینە سەر کرۆکی پرسیارەکەی پێشوو** ئایا ناوەڕۆکی دەوڵەت چییە و ڕۆڵی کامەیە؟!

دەوڵەت ئامرازێکە دەسەڵاتی چینێک بەسەر چینێکی تردا دەپارێزێ. ئەو کاتەی کە هێشتا کۆمەڵ چینی جیاجیای تێدا دروست نەبوو بوو؛ لە کاتێکدا کە خەڵکی بەر لە قۆناغی کۆیلەتی، لە هەلومەرجێکی یەکجار سەرەتاییدا دەژیان و یەکسانییەکی زۆر پەیڕەو دەکراو ئاستی بەرهەمهێنان لەپلەی هەرە خوارەوە دابوو، مرۆڤی سەرەتایی زۆر بەگران نەبوایە پێداویستیەکانی ژیانی بۆ دابین نەکراوە، دەڵێین: ئا لەو کاتەدا نەدەکرا دەستەیەک خەڵکی تایبەت خۆیان جیا بکەنەوە و دەست بەسەر کۆمەڵدا بگرن و حوکمڕانی بکەن. کاتێکیش شێوەی یەکەمی دابەشبوونی کۆمەڵ خۆی نواند، واتە کە کۆیلەیەتی بۆ یەکەم جار هاتە گۆڕێ و چینێکی دیاریکراو لە دەوری کشتوکاڵ کۆبوونەوە و توانیان بە ناهەموارترین شێوە دەست بەسەر بەرهەمدا بگرن، ئیتر پێویست بەوە نەما بە تەنگ ژیانی دەستەکەی ترەوە بێن. ئەو کاتەیش کە ئەم دەستە

---

[NK] موعجیزە؛ پەرجوو

خەڵکە بوونە خاوەنی زێدە بەرهەم، لەگەڵیا بوونە خاوەنی کۆیلەیش.. جا بۆ ئەوەی شوێن پێی ئەم چینە قایم تر و جێگیرتر بێ، دەبوو دەوڵەتیش بێتە ئاراوە.

دەوڵەتی خاوەن کۆیلە، کە تەواوی دامودەزگاکانی بەدەست خاوەن کۆیلەکانەوە بوو، دەسەڵاتێکی ئەوتۆی دابوونێ حوکمڕانی سەرپاکی کۆیلەکان بکەن. ئەو سەردەمە کۆمەڵ و دەوڵەت زۆر لە کۆمەڵ و دەوڵەتی ئێستا بچووکتر و دەرەتانی کەمتر بوو. دامودەزگایەکی هامشۆکردنیان لەبەردەستدا بوو، لەگەڵ دامودەزگای هاتوچۆی ئەم سەردەمە بەراورد ناکرێ. هۆیەکانی ئەم سەردەمەی گواستنەوە ئەوکاتە لەئارادا نەبوون. زنجیرە چیاو ڕووبار و دەریاکان کۆسپێکی گەورە بوون لە بەردەمیاندا. لەبەرئەوە دەوڵەت لە چوارچێوەیەکی جوگرافی زۆر تەنگەبەردا بنیات دەنرا و حوکمڕانی دەکرا. دامودەزگا لاوازەکەی ئەوسای دەوڵەت لە ڕووی تەکنیکەوە، خزمەتی دەوڵەتێکی بە سنوور تەسک و کەم ئەرکی دەکرد. بەهەرحاڵ؛ سەرەڕای ئەو کەموکوڕی و ناتەواویەیش، هێشتا دامودەزگایەکی ئەوتۆیان خولقاندبوو، کۆیلەی پێ بچەوسێننەوە درێژە بە ژیانی کۆیلەتی بدا. بەجۆرێکی تر بڵێین: بەزەبری هێز دەستەیەک بکاتە ملکەچی دەستەیەکی تر. ملکەچپێکردنی زۆربەی کۆمەڵ و ناچارکردنی بەوەی بەردەوام خزمەتی دەستەیەک خەڵکی تر بکا، بەبێ دامودەزگایەکی زەبروەشێنی هەمیشەیی لەتوانادا نییە. ئەوکاتەی چینە کۆمەڵایەتییەکان هێشتا دروست نەبووبوون، ئەم دامودەزگایەیش لەگۆڕێ نەبووە. کاتێک چینە کۆمەڵایەتییەکان پەیدادەبن و خۆدەنوێنن و کۆمەڵ دابەش دەبێ و جیاوازی چینایەتی پتر قووڵ دەبێتەوە دامودەزگایەکی تایبەت دروست دەبێ. پێی دەوترێ دەوڵەت.

هەڵبەتە دەوڵەت زۆر شێوەی جیاجیای بەخۆیەوە بینیوە. لە سەردەمی کۆیلایەتیدا، لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی شارستانیەت و ڕۆشنبیرییەوە، پێشکەوتووتر بوون، وەک **گریک** و **ڕۆمای** کۆن، دەوڵەت شێوەیەکی تری هەبووە، کەچی بەناوەڕۆک هەر دەوڵەتی کۆیلەبوون. هەر لەو سەردەمەدا بوو جیاوازی نێوان سیستمی پاشایەتی و کۆماریی، جیاوازی نێوان سیستەمی ئەریستۆکراسی و دیموکراسی خۆیان نواند.

پاشــایەتی وەک دەســەڵاتی تــاکە کەس و کۆمــاری وەک دەســەڵاتی هەڵبژێــردراو. ئەریستۆکراسی وەک دەسەڵاتی کەمایەتی و دیموکراسی* وەک دەسەڵاتی گەل.

هەمــوو ئەم جیاوازییـانە لە ســەردەمی کۆیلایەتیـدا دەرکەوتـن. بەڵام ســەرەڕای ئەو هەموو جیاوازیانەیش، دەوڵەتی قۆناغی کۆیلایەتی، هەر دەوڵەتی خاوەن کۆیلە بوو. جـا ئیتـر پاشـایەتی بـووبێ، یـان کۆمـاری، ئەرستۆکراسـی بـووبێ یـاخود کۆمـاری دیموکراسی.

هەموو ئەو بەرنامانەی باس لە مێژووی سەردەمەکانی کۆن ئەکەن ***لەناو ئەو ووتە و گوتارانەدا، کەلەم بارەیەوە بۆتان دەخوێندرێتەوە*** گوێتان لە خەباتی بەردەوامی نێوان دەوڵەتی پاشایەتی و دەوڵەتی کۆماری دەبێ. بەڵام مەسەلەی بنچینەیی ئەوەیە، کۆیلە وەک مرۆڤ تەماشا نەکراوە. ئەو چینە نەک وەکو هاونیشتمانی حسابی بۆ نەکراوە، بەڵکو نەخراونەتە ڕیزی مرۆڤیشەوە.

یاسای **ڕۆما** کۆیلەی بە کەلوپەل دائەنا. ئەو یاسایەی پەیوەندی بە تاوانی کوشتنەوە هەبـوو، جـگە لە یاسـاکانی تـریش کە بـۆ پاراسـتنی کەسـایەتی مـرۆڤ دانرابـوون، کۆیلەیان نەدەگرتەوە. یاسایەک بوو بەتەنها خاوەن کۆیلەی دەپاراست و هەر ئەویشی بە هاونیشـتمانی دادەنـا و هەمـوو مـافێکی پێ ڕەوا دەبینـی. ئەگەر دەوڵەتـی پاشـایەتی دابمەزرایە، ئەوا پاشایەتی خاوەن کۆیلە بووە، سیستەمی کۆماریش بنیات بنرایە، ئەوە کۆماریی خاوەن کۆیلەکان بووە. لە هەردوو حاڵەکەدا خاوەن کۆیلە، خاوەنی هەمـوو مافێکیش بوو. هەرچی کۆیلە بوو، یاسا بە کەلـوپەلی لەقەڵەم دەدا و نەک هەر دەتـوانرا زەبروزەنگیان لەگەڵ بەکاربهێنرێ، بگرە کوشتنیشیان کارێکی ڕەوا بووە و نەدەچووە خانەی تاوانەوە.

دەوڵەتــی کۆمــاری خــاوەن کــۆیلە هەبــوو ئەریستوکراســی و هــی واشــیان هەبـوو دیموکراســی بـوون. لە جەمهـووریەتی دیموکراسـیدا، هەمـوان بەشـداری هەڵبـژاردن دەبــوون. واتە هەمــوو خــاوەن کۆیلەکــان. کەچــی لە کۆمــاریی ئەریستۆکراســیدا، ژمـارەیەکی کەمـی هەڵبـژاردە نەبێ کەسـی دی بەشـداری هەڵبژاردنـی نەدەکرد. بۆیە

* وشەی دیموکراسی لەزمانی گریکییەوە وەرگیراوەو مانای دەسەڵاتی گەل دەگەیەنێ

مەسـەلەیەکی بنەڕەتی هەیە. دەبێ لەیادی نەکەین و هەر ئەو مەسـەلەیەیش کاکڵەی دەوڵەت بەجوانی ڕوون دەکاتەوە.

دەوڵەت ئامرازی زوڵم و ستەمی چینێکە دژی چینێکی تر. ئامرازێکە بەهۆیەوە چینێکی کۆمەڵایەتی، سـەرپاکی چینەکـانی تـری نـاو کـۆمەڵ سـەرکوت دەکـات. وەنەبـێ ئەم ئـامرازە تـاکە شـێوەیەکی هەبـێ. وەک پێشـتر بینیمـان لە دەوڵەتـی خـاوەن کـۆیلەدا پاشایەتی و کۆماریی ئەریستوکراسی و تەنانەت جەمهوورییەتی دیموکراسی هەبووە. جا هەرچەنده شـێوەی حوکمڕانی چەندین جۆر بـووە، بەڵام لە جەوهەردا یەک شت بوون. کۆیلە لە هەموو مافیکی مرۆڤانە بێبەش بـوو، هەر لەسـەر ئەم حاڵەیش مایەوە، بەڕادەیەک وەک مرۆڤیش هەژمار نەکراوە. لە دەوڵەتی دەرەبەگایەتیش دا هەمـان شت دەبینین.

گـۆڕانی شـێوەی چەوسـاندنەوە، دەوڵەتـی خـاوەن کـۆیلەی کـرد بە دەوڵەتـی دەرەبەگـایەتی. دیـارە ئەم ئـاڵوگۆڕەیش بـۆ خـۆی بـایەخێکی گەورەی هەبـوو. لە کۆمەڵگای کۆیلایەتیدا، کۆیلە هیچ مـافێکی نەبـوو، هەر بە مـرۆڤیش هەژمـار نەکـراوە. کەچـی لە کۆمەڵگـای دەرەبەگایەتیـدا، جوتیـار بەزەویـیەوە بەنـدبوو. سـیمای دیـاری کۆمەڵگـای دەرەبەگـایەتی ئەوە بـوو، جوتیـار نەیدەتوانی بەهـیچ کلـۆجێ لە زەوی جیـا ببێتەوە. ***ئەوکاتە جوتیاران زۆربەی دانیشتوان و شارنشینەکان کەمایەتی بوون***. هەر لێرەیشەوە بوو، چەمکی جوتیاری رەعیەت **القن**[*] هاتە ناو ناوانەوە.

لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا، جوتیار بۆی هەبوو چەند ڕۆژێک بۆ خۆی لەو زەویەدا کار بکا کە خاوەن موڵک دەیدایە، باقی ڕۆژەکانی تر، دەبوو خۆی بۆ ئاغا تەرخان بکا، واتە کاکڵەی کۆمەڵگای چینایەتی هەروەک خۆی مایەوە و بەهەمان شێوەی پێشـوو لەسەر بناغەی چەوساندنەوە بنیات نراوە. لەو کۆمەڵگایەدا لە خاوەن زەوی بەولاوە کەس خـاوەنی مـافی تەواوەتـی نەبـوو، ئەمە لەکاتێکدا کە جوتیـاران لە هەمـوو مافێک بێبەش کرابوون. ژیانیشیان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ژیانی کۆیلەی نـاو کۆمەڵگای

---

[*] جوتیاری رەعیەت: جوتیاری پاڵە، سەپان، وشەی (القن) بە زمانی رووسی واتای (گرێدان) یاخود (پێوەلکاندن) دەگەیەنێ.

کۆیلایەتیدا نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، جوتیاران ڕێگایەکی نوێ و فراوانتر لەبەردەمیاندا کرایەوە. چونکە جوتیار مولکی ڕاستەوخۆی خاوەن مولک نەبوو. ئەیتوانی ماوەیەک بۆ خۆی کار بکا، گەر بشێ بڵێین **ماوەیەک خۆی خاوەنی خۆی بوو**..

هەر بەو ڕادەیەی کە ئاڵوگۆڕو پەیوەندی بازرگانی ڕووەو گەشەکردن و پەرەسەندن دەڕۆیشت، بەو ڕادەیەیش سیستمی دەرەبەگایەتی لەناوەوەی خۆیدا دەپووکایەوە. لە هەمان کاتیشدا مەودای سەرفرازیی جوتیاران تا دەهات فراونتر دەبوو. کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی هەمیشە لە کۆمەڵگای کۆیلایەتی ئاڵۆزتر بووە، چونکە ڕەگەزێکی گەورەی گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازیی تێدا بووە، کە سەرەنجام بەرەو سەرمایەداری برد. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەسەڵات دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بوو. لەو سەردەمەدا دەوڵەت یەک شێوەی نەبووە، پاشایەتی و کۆماری هەردووکیان لەگۆڕێ بوون، ئەگەرچی شێوەی دەوڵەتی کۆماری زۆر ئاشکرایە، بەڵام تاکە دەسەڵاتی باوەڕپێکراو، دەسەڵاتی خاوەن زەوی چەوسێنەری جوتیاران بووە. هەرچی جوتیارانیش بوون بەتەواوی لە هەموو مافێکی سیاسی بێبەش بوون.

سەردەمی دەرەبەگایەتی نەدەکرا وەک سەردەمی کۆیلایەتی، تاقمێکی بە ژمارە کەمی خەڵک خۆیان بەسەر زۆربەی خەڵکدا بە بێ زەبر و زەنگ بسەپێنن. مێژوویش پڕیەتی لە نموونەی هەوڵ و تێکۆشینی بەردەوامی چینە ستەمدیدەکان لەپێناو ڕامالینی زوڵم و زۆرداریيدا. مێژووی قۆناخی کۆیلەیەتی چەندین شەڕی دەستەو یەخەی بەخۆیەوە دیوە لەپێناوی ڕزگاربوون لە کۆیلەیەتی و دەیان ساڵیان خایاندووە. لێرەدا با ئەوەیش بڵێین کە هەر لەبەر ئەمەیە کۆمۆنیستەکانی ئەلمان تاکە حزبی ئەلمانە کە سەرسەختانە دژی تەوقی سەرمایەداریتی تێدەکۆشی و ناوی **سپارتاکی یەکان** یان لەخۆیان ناوە، چونکە **سپارتاکۆس** دیارترین پاڵەوانی ڕاپەرینە هەرە گەورەکەی کۆیلەکانە، کە بەر لە دوو هەزار ساڵ بەرپایان کرد.

ئیمپراتۆریەتی **ڕۆما** کە بەتەواوی لەسەر بناغەی کۆیلەتی دامەزرابوو، بەو هەموو توانا و دەسەڵاتەوە کە هەیبوو، لەماوەی چەند ساڵدا بەدەست ئەو کۆیلانەی کە لەژێر سەرکردایەتی **سپارتاکۆس** کۆبونەوە و ڕاپەڕین و زەبری یەک لەدوای یەکیان تێ

سرەواندن، دەینالاند. تا لە کۆتاییدا خاوەن کۆیلەکان تێکیان شکاند و بە ئازار و ئەشکەنجە کۆتاییان بەدوا یەکیان هێنا. تەواویی مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی چەندین شەڕی ناوخۆی لەو بابەتەیان تێدا بەرپابووە، ئەوەیشی باسمان کرد نموونەیەکە لە گەورەترین شەڕی قۆناخی کۆیلەتی. قۆناخی دەرەبەگایەتی پڕیەتی لە ڕاپەڕینی جوتیاران، بە نموونە: لەسەدەکانی ناوەراستدا لە **جەرمەنستان** ناکۆکی نێوان چینی خاوەن زەوی و جوتیارە رەعیەتەکان پەرەی سەند و بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی جوتیاران دژی خاوەن زەوییە گەورەکان. خۆیشتان نمونەی تری لەو جۆرە ڕاپەڕینە دەزانن کە جوتیاران دژی خاوەن زەوی و چەوسێنەران لەڕووسیادا هەڵیانگیرساند.

خاوەن زەوی لە پێناوی هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیدا ناچاربوو دامودەزگایەکی هەبێ بەهۆیەوە مل بە زۆربەی خەڵک کەچ بکا یاسا و بڕیاری تایبەتیان بەسەردا بسەپێنێ. هەموو ئەو یاسایانەیش لە بنچینەدا یەک ئامانجیان هەبوو، ئەویش هێشتنەوەی دەسەڵاتی خاوەن زەوی بوو بەسەر جوتیاری رەعیەتدا. ئەو دامودەزگایەیش دەوڵەتی دەرەبەگایەتییە کە بەنموونە لە ڕووسیادا شێوەیەکی تایبەتی گرتە خۆی. یان ئەو دەوڵەتانەی وڵاتانی ئاسیای یەکجار دواکەوتوو کە تا ئێستایش پەیوەندی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی تێیاندا سەروەرو بالادەستە.

هەریەک لەم دەوڵەتانە یان سیستمی کۆمارییە یان پاشایەتی. گەر پاشایەتی بووبێ دەسەڵات دەسەڵاتی تاکە کەس بووە، گەر کۆماریش بووبێ بەم یان بەو شێوە ڕێگا بە چەند خاوەن زەوییەک دراوە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. دابەشبوونی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بەشێوەیەکە زۆربەی جوتیارە رەعیەتەکان دەبنە پاشکۆی تەواویی کەمایەتییەکی بچووکی ئەو دەرەبەگانەی خاوەن زەوین.

گەشەکردنی بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردنی کالا، بوونە هۆی سەرهەڵدانی چینێکی نوێ کە بە سەرمایەداران ناوزەد بووە، پاش دۆزینەوەی کیشوەری ئەمێریکا، بازرگانیی جیهانی پەرەسەندنێکی لە ڕادەبەدەری بەخۆیەوە دی. ... میتاڵە گرانبەهاکان زیادیان کرد. زێڕ و زیو بوونە ئامرازی گۆڕینەوە. ئاڵوگۆڕی دراویش بووە هۆی کەڵەکەبوونی

سامان لە چنگی هەندێ کەسدا. زێر و زیو بوونە سامانی باوەڕپێکراو لەسەرانسەری دونیادا. ئەنجامی هەموو ئەمانە لەدوا دوای سەدەکانی ناوەڕاستدا، سەرمایە نەشونمای کرد. ئا لەو کاتەدا هێزی ئابووری چینی خاوەن زەوی ڕوویکردە کزیی و لاوازیی. بە پێچەوانەوە هێزی چینە تازەکە، نوێنەرانی سەرمایە ڕوو لە زیادی و پەرەسەندن بوو. گۆڕانی بونیادی کۆمەڵ هەموو هاونیشتمانانی یەکسان کرد و کۆیلە و خاوەن کۆیلە لە شاردا نەمان. لەبەردەم یاسادا هەموو کەس یەکسان بوو، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە زۆریی و کەمی سەرمایەکەی، بێ ئەوەی تەماشای ئەوە بکرێ ئەو زەوی هەیە، یان نیەتی. هەموو کەس لەبەردەم یاسادا یەکسان و یاسایش دەبوو هەمووان وەک یەک و بێ جیاوازیی بپارێزێ. ئەوەی موڵکی هەیە یاسا دەیپارێزێ و ماوە نادا جەماوەری ڕەشوڕووت و بێ سەروەت و سامان ***کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژیانی ماددییان بەرەو خراپی دەچێ و دەبنە پرۆلیتاریا*** زوڵم لە سەرمایەداران بکەن؛ ئەمەیش کۆمەڵگای سەرمایەدارییە.

لێرەدا ناتوانم بەدوور و درێژی لەم مەسەلەیە بدوێم. کاتێک لە بەرنامەی حزب دەکۆڵنەوە، دەچنەوە سەر ئەم مەسەلەیە و لە حەقیقەتی کۆمەڵگای سەرمایەداریی تێدەگەن. ڕاستە ئەم کۆمەڵگا نوێیە لەژێر دروشمی ئازادییدا لەدژی کۆمەڵگا و سیستمی کۆنی دەرەبەگایەتی پەیدابوو، بەڵام ئەو ئازادییە تەنیا بۆ سەرمایەداران بوو. کاتێک سیستمی دەرەبەگایەتی لە دوا دوای سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا تێکوپێک درا ***لە ڕووسیا لەچاو وڵاتانی تردا ئەم پرۆسەیە دواکەوت و تا ساڵی ١٨٦١ ی خایاند*** ئەوکاتە لەجێی دەوڵەتی دەرەبەگایەتی، دەوڵەتی سەرمایەداری بنیات نرا و ئازادی گەلی ڕاگەیاند و کردی بە دروشمی خۆی و بە لاف و گەزاف وای لەقەڵەم دا گوایە پارێزگاری لە خواست و ئامانجی هەموو گەل دەکا و هیچ مۆرکێکی چینایەتی پێوە نییە!! لێرەوە ئیتر خەباتی سۆشیالیستە تێکۆشەرەکان لەپێناو ئازادی گەلدا، دژی دەوڵەتی سەرمایەداری پەرەی سەند، تاوەکو ڕەوتی خەبات و تێکۆشان کۆماریی سۆڤیەتی سۆشیالیزمی هێنایە دی و لە داهاتوویشدا سەرانسەری جیهان دەگرێتەوە.

جا بۆ ئەوەی لە سەرەتای خەباتی دژ بە سەرمایەداری جیهانی و کرۆکی دەوڵەتی سەرمایەداری تێبگەین، دەبێ ئەو ڕاستیەمان لەیاد نەچێ کە سەرمایەداریتی، لەژێر دروشمی ئازادیدا، دژی دەرەبەگایەتی وەستا و و جەنگی بەرپا کرد. گۆڕکردنی سیستمی دەرەبەگایەتی خۆی لەخۆیدا مانای دابینکردنی ئازادی بۆ نوێنەرانی دەوڵەتی سەرمایەداری. بەو ڕادەیەی سیستمی دەرەبەگایەتی تێکوپێک دا، ئەوەندەیش سوود و قازانجی پێگەیاندن. لەسایەی ئەم سیستمەدا، جوتیاران مافی تەواوی خاوەنداریێتی زەوییان پێ درا. ئەوانە دەیان توانی ببنە خاوەن زەوی بێ ئەوەی گوێ بەوە بدرێ ئاخۆ زەوییەکەی کڕیوە یان بە **قسط** * نرخەکەی داوە و بووەتە خاوەنی. دەوڵەت هیچ گوێی بەوە نەدەدا، ئەوەی لەسەری بوو پارێزگاریکردن بوو لە خاوەنداریێتی. ئیتر بە چ شێوەیەک زەوییەکی دەستکەوتووە گرنگ نییە؛ چونکە پەیوەندی بەرهەمهێنانی دەوڵەتی سەرمایەداری لەسەر بناغەی موڵکییەتی تایبەت بنیات نراوە.

لەسایەی هەموو ئەم دەوڵەتە پێشکەوتووانەدا، جووتیاران بوونە خاوەنی موڵکایەتی تایبەت. خۆ ئەگەر خاوەن زەوی بەشێکی لەو موڵکەی هەیبوو بە جووتیاری بفرۆشتایە، دەوڵەت پارێزگاری لێدەکرد. وەک زمانی حاڵی بڵێ: ئێمە بە تەواوی موڵکییەتی تایبەت ئەپارێزین. ڕاستییەکەشی هەروابوو، چونکە بە هەموو شێوەیەک داکۆکی لێدەکرد و دەیپاراست. دەوڵەتی سەرمایەداری پشتگیری موڵکییەتی هەموو بازرگان و خاوەن کارخانەیەکی دەکرد. ئەم کۆمەڵگایە کە لەسەر بنچینەی موڵکییەتی تایبەت و دەسەڵاتی سەرمایە و سەرکوتکردنی هەژاران و کرێکاران و جەماوەری بەربڵاوی جووتیارە نەدارەکان دانرا، لەژێر دروشمی ئازادیدا دەسەڵاتی خۆی سەپاند. ئەوکاتەی دژی دەرەبەگایەتی خەباتی کرد و سەرەسەختانە تێدەکۆشا، ئەوکاتە بانگی بۆ ئازادی موڵکایەتی هەڵ دا. زۆر بە شانازییەوە دەیان گوت: دەوڵەتی ئێمە لەوە دەرچووە دەوڵەتێکی چینایەتی بێ.

دەوڵەت ئەگەرچی بە ڕواڵەت ئازادیش بوو بەڵام بەهەمان شێوەکەی پێشووی، ئامرازێک بوو بەدەست سەرمایەدارانەوە بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران و جووتیارە

---

* بەرکەوت؛ قسط، دانەوەی قەرز لە چەند بەشیکدا

هـەژارەکان. ئـەو دەوڵەتـە دان بـە مـافی گشـتی هەڵبژاردنـدا دەنـێ و بەوەیشـەوە ڕاناوەسـتێ، زانـا و فەیلەسـوف و سـەرپاکی ئەوانـەی داکـۆکی لێدەکـەن وای لەقەڵـەم دەدەن دەوڵەتێکی نا چینایەتییە. لەم سەردەمەیشدا کە خەباتی کۆمارییەکانی سۆڤیاتی سۆشـیاڵیزم لـەدژی ئـەو دەوڵەتانـە دەسـتیپێکرد، بـەوە تاوانبارامـان ئەکـەن گوایـە ئازادیمـان لەبـەین بـردووە دەوڵـەتێکمان لەسـەر بناغـەی سـتەم و زەبروەشـاندن و سەرکوتکردنی خەڵک بنیات ناوە، بەڵام دەوڵەتی خۆیان، میللی و دیموکراسییە!! ئەوەتا بـە چـاوی خۆمـان دەبینـین مەسـەلەی دەوڵەت ـ لەسـەردەمی بەرپـابوونی شۆڕشـی سۆشـیاڵیزمی جیهانیدا، یـان وردتـر بڵێـین: لە قۆنـاغی سـەرکەوتنی شـۆڕش لە چەند وڵاتێکدا، لە قۆنـاغی هەڵکشـانی خەبـات دژی سـەرمایەی جیهـانی تـا دێ بـایەخێکی زۆرتری دەدرێتێ، بە ڕادەیەک ئێستا بووەتە مەسەلەیەکی زۆر ناسک و چی بابـەتی سیاسـی و مشـت و مـڕو گفتوگـۆی سیاسـی ئەم سـەردەمە هەیە، لە تـەوەری ئـەودا ئەخولێنەوە. هەر حزبێکی  سیاسی دەکرێ، لە ڕووسیادا بێ دەکری یان لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا، مشتومڕ و ناکۆکی و تێکڕای مەسـەلە سیاسییەکان لەسـەر مەفهوومی* دەوڵەتن.

لە وڵاتانی سەرمایەداریدا، کۆمارە دیموکراسییەکان بەتایبەت لە وڵاتانی وەک **سویسرا** و **ئەمێریکا**، لەو کۆمارییە دیموکراسیانەدا کە ئازادییان زۆرتر فەراهەم کردووە، ئایا دەوڵەت خواسـت و ئـارەزووی گەل دەردەبـڕێ؟!. ئایـا پـوختەی بڕیارەکـانی گەل لە هەڵوێستی دەوڵەتدا ڕەنگ دەداتەوە و تەعبیر لە خواستی نەتەوە دەکا؟ یان ئامرازێکە بەهۆیەوە سەرمایەداران پارێزگاریی خۆیانی پێ دەکەن و دژی پرۆلیتاریا و جوتیاران درێـژە بە دەسـەڵاتی سیاسـیان دەدن؟! ئەمەیە ئەو پرسـیارە سـەرەکییەی کە لە سەرانسەری دونیادا و لە هەموو مشتومڕو گفتوگۆیەکی سیاسیدا دێتە ئاراوە. بڕوانن چـی بە **بۆلشـەویکەکان** دەڵـێن؟.. ڕۆژنامەکـانی چینـی بـۆرژوا چـی قسـەی نـاجۆر و ناشـیرین هەیە ئاراسـتەی بۆلشـەویکەکانی دەکەن. ڕۆژنامەیەکیـان نییە تێیدا تـۆمەتی ئەوە نەخەنە گەردنـی بۆلشـەویکەکان گوایە دەسـەڵاتی گـەلیان شـێواندووە. سـا ئەگەر **مەنشەفیک** و **سۆشیال شۆڕشگێڕەکانی** لای خۆمان بە دڵێکی پاکەوە ***ڕەنگە دڵ پاکیش***

---

* مەفهووم؛ چەمک

***پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نەبێ، یان دڵ پاکییەکی وایە لە نیهاد پیسی زۆر خراپترە*** وا بزانن ئەوان یەکەم کەسن ئەتوانن بۆلشەویکەکان لەکەدار بکەن و تۆمەتی ئەوەیان بخەنە گەردن کە ئازادی و سەربەستیان گۆڕ کردووە و دەسەڵاتی گەلیان تێک داوە، ئەوا زۆر زۆر بەهەڵەدا چوون، بۆیە شایانی پێکەنینن.

ئەمرۆ لە دووتوێی دەوڵەمەندترین ئەو ڕۆژنامانەدا کە لە سەرانسەری وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکاندا دەردەچن و دەیان ملیۆنیان بۆ خەرج دەکرێ و ڕۆژێ دەیان ملیۆنیان لێ چاپ دەکەن، ڕۆژ نییە درۆ و دەلەسەی بۆرژواکان و سیاسەتمەدارانی ئیمپریالیزم بڵاونەکەنەوە. تاکە ڕۆژنامەیەک نابینین بڕوبیانووی لەم جۆرە و تۆمەتی هەمەچەشنە دژی بۆلشەویکەکان نەنووسن و بەشان و شکۆی ولاتانی وەک **ئەمێریکا** و **سویسرا** و **ئەنگلستان** دا هەڵنەدەن و بە دەوڵەتی گەل و دەسەڵاتی گەل لەقەڵەمیان نەدەن. بە پێچەوانەشەوە، کۆماریی بۆلشەویکەکان دەکەنە دەوڵەتی کۆمەڵە خەڵکێکی چەتە و ڕێگر و پڕوپاگەندەی ئەوەی بۆ دەکرێ گوایە هەرچی پێی بلێی ئازادی تێیدا نییە و دەسەڵاتی گەل بەتەواوی پێشێل کراوە؛ تەنانەت بەوەیش تاوانباری دەکەن کە **ئەنجومەنی دامەزرێنەر ـ الجمعیة التأسیسیە**[iv]ی هەڵوەشاندووەتەوە. هەموو ئەو تۆمەت و تاوانە ناشیرینانە ڕۆژ نییە لەم سەرو ئەوسەری دونیادا ئاراستەی بۆلشەویکەکان نەکرێ و دووبارە نەبنەوە.

جا بۆ ئەوەی نەک لەسەر بنچینەی پڕوپاگەندە، بەڵکو بە هۆشیارییەکی تەواوەوە لە حەقیقەتی ئەم تۆمەت و بوختانانە تێبگەین و بیروڕا و هەڵوێستێکی نەگۆریان دەرهەق بنیات بنێین، دەبێ بزانین دەوڵەت چییە؟

ئێمە ئێستا چەندین دەوڵەتی سەرمایەداری و تیۆری هەمەجۆرمان لەبەردەستدایە کە بەر لە هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگ بەرگرییان لەو شەڕە دەکرد. لەبەرئەوە دەبێ بۆ ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە هەڵوێستێکی ڕاست و دروستی ڕەخنەگرانەمان هەبێ.

پێشتر باسی کتێبی **بنچینەی خێزان و خاوەنداریتی تایبەت و دەوڵەت** ـی **ئەنگلس** ـم بۆ کردن، تاوەکو پشتی پێ ببەستن و بیکەنە یاریدەدەری خۆتان. لەو کتێبەدا **ئەنگلس** ئەڵێ: هەر دەوڵەتێک موڵکییەتی تایبەتی زەوی و هۆیەکانی تری بەرهەمهێنان تێیدا باو

بێ، با لافوگەزافی دیموکراسیەتیش لێ بدا، هەر دەوڵەتی سەرمایەداریە و ئامرازێکە بەدەستی سەرمایەدارانەوە بۆ سەرکوتکردنی پرۆلیتاریا و جووتیارە هەژارەکان. هەرچی مافی گشتی هەڵبژاردن و پەرلەمان و ئەنجومەنی دامەزرێنەر ، لەوە بەولاوە بۆ ڕواڵەتە شتێکی تر نییە و تەنها بۆ بەرژوەندی خۆیانە و هیچ لە جەوهەری مەسەلەکە ناگۆڕن.

دەولەت بەزۆر شێوە دەسەلاتی خۆی دەسەپێنێ دەسەلاتی سەرمایە بەشێوەی جیاجیا و لەبەرگی جۆربەجۆردا خۆ دەنوێنێ، بەلام لە جەوهەردا، لە ناوەڕۆکدا، دەسەلات هەر لە چنگی سەرمایەدایە. با کۆماری دیموکراسیش لەگۆڕێ بێ، با مافی ئادەمیزاد بەم یان بەو شێوە دانی پێدا نرابێ، هەتا زۆرتر لە دیموکراسیەت بدوێن و شانازی پێوە بکەن، دەسەلاتی سەرمایە ئەوەند و بگرە زیاتریش بەدرەوشتی خۆی تێدا دەنوێنێ. یەکێک لەو کۆمارە یەکجار دیموکراسیانەی جیهان ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکای باکوورە. لەسەرانسەری دونیادا شوێنێک نییە ئەوەندەی ئەو ولاتە دەسەلاتی سەرمایە تێیدا دەرکەوتبێ. ولاتێک نییە وێنەی ئەوێ تێیدا چەند کەسێکی ملیاردێر بەو شێوە ناجۆر و نادروستە دەسەلاتی خۆیان سەپاندبێ و بەو ڕادەیە بەرتیلخواردن و ڕاوورووتی تێدا بکرێ. هەر کەسێک دوای ساڵی ١٩٠٥ سەری لە ئەمێریکا دابێ هەستی بەم حەقیقەتە کردووە. مادام سەرمایە لەگۆڕێیە، دەبێ دەستبەسەر هەموو کۆمەڵدا بگرێ. هیچ کۆمارێکی دیموکراسی و هیچ چەشنە یاسایەکی هەڵبژاردن، ناتوانن جەوهەری ئەم مەسەلەیە بگۆڕن.

ڕاستیەکەی کۆماریی دیموکراسی و مافی گشتیی هەڵبژاردن ئەگەر لەتەک سیستمی دەرەبەگایەتیدا بەراورد بکرێ، پێشکەوتنێکی گەلێک مەزنن، چونکە بەهۆیانەوە پرۆلیتاریا توانی ڕیزەکانی یەک بخا و بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر لەدژی سەرمایە تێبکۆشێ. با لە کۆیلە گەڕێین کە لەم ڕووەوە هیچیان بۆ نەکراوە جوتیارانی سەردەمی دەرەبەگایەتیش لەئاستێکدا نەبوون بتوانن ڕیزەکانی خۆیان یەک بخەن.

وەک دەزانین کۆیلەکان چەندین جار ڕاپەرین و شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند، بەلام لە هیچ بارودۆخێکدا بۆیان نەکرا زۆربەیەکی هۆشیار پێک بهێنن و حزبی سیاسی دروست بکەن تا سەرکردایەتی خەباتیان بکا. ئەوانە نەیاندەتوانی بەڕوونی ئامانجی

خۆیان دەست نیشان بکەن، تەنانەت لەو کاتانەیشدا کە بارودۆخێکی شۆڕشگێرانەیان بۆ دەرەخسا، دەبوونە بووکەشووشەیەک بەدەست چینە دەسەڵاتدارەکانەوە.

کۆماریی بۆرژوا و پەرلەمان و مافی گشتیی هەڵبژاردن لەباری سەرنجی گەشەکردنی جیهانەوە، پێشکەوتنێکی مەزنن. بەڵێ مرۆڤایەتی ڕووەو سەرمایەداریتی هەنگاوی نا، بەڵام هەر سەرمایەداریەتیش بوو، بەهۆی هەل و مەرجی رۆشنبیریی شارەکانەوە، وای لە پرۆلیتاریا کرد خۆی بناسێ و بزوتنەوەی جیهانیی کرێکاران دابمەزرێنێ و ملیۆنان کرێکار لەناو حزبی پرۆلیتاری، لەناو حزبی سۆشیالیستیدا رێک بخا، کە ئێستا بە هۆشیارییەوە سەرکردایەتی خەباتی جەماوەر دەکا.

گەر پەرلەمان و مافی گشتیی هەڵبژاردن نەبوونایە، مەحاڵ بوو چینی کرێکاران گەشە بکا، هەر لەبەر ئەمەیشە هەموو ئەو شتانە لەپێش چاوی جەماوەری بەربڵاوی خەڵک بایەخێکی لەئەندازە بەدەریان هەیە. بە تەنیا زانا و قەشە دەست بڕەکان ئەو درۆیە ناسەلمێنن کە دەڵێ: **دەوڵەت ئازادە و پەیامی ئەو بەرگریکردنە لەبەرژەوەندی هەمووان بەبێ جیاوازی! نەخێر** هەر ئەوانە نین ئەم بەندو باوە بڵاو دەکەنەوە، بەڵکو جەماوەرێکی زۆری خەڵک لەبێ ئاگاییەوە، داکۆکی لەم جۆرە ڕا و بۆچوونە دەکەن. بۆچی؟. چونکە ئەوانە ناتوانن لەوە تێبگەن چۆن چۆنی کۆمەڵگای سەرمایەداری دەبێتە سۆشیالیزمی.

لەسەرانسەری دونیادا، دوژمنایەتی بۆلشەویکەکان دەکرێ. دیارە ئەوانەی هەڵوێستی دوژمنایەتیان بەرامبەر بە ئێمە هەیە، بە تەنیا بریتی نین لەو کۆمەڵە خەڵکەی ڕاستەوخۆ لە پاشکۆی چینی بۆرژوادان. یان ئەوانەی لەژێر باری گرانی سەرمایەدا ئەناڵێنن و دەسەڵاتی سەرمایە لە کەڵکی خستوون. ***چونکە سەرمایە جەماوەرێکی زۆر زانا و هونەرمەند و پیاوی ئاین و... هەیە***، نا، جگە لەوانە خەڵکێک هەن کەوتونە ژێر کاریگەری ئازادییە خەیاڵاوییەکەی چینی بۆرژواوە.

بۆچی هەموو ئەوانە پەلاماری بۆلشەویکەکان دەدەن، بۆ؟! چونکە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی شوورەییەوە، حەقیقەتی درۆ و دەلەسەکانیان کەوتە ڕوو، بە ئاشکرا و بێپێچانەوە پێیان ڕاگەیەندرا: ئێوە دەوڵەتی خۆتان بە ئازاد و سەربەست

لەقەڵەم دەدەن، ڕاستە سیستمی دیموکراسییە بەڵام لە واقیعدا مادام موڵکییەتی تایبەت هەیە، ئامرازێکە بەدەستی سەرمایەدارانەوە بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران. بۆیە هەتا دەوڵەتی ئێوە زۆرتر لە ئازادی بدوێ، چاکتر حەقیقەتی سەرکوتکەرانەی دەرئەکەوێ. باشترین بەڵگەیش دەوڵەتی **سویسرا** ی کیشوەری ئەورووپا و **وڵاتە یەکگرتوەکان** ـی کیشوەری **ئەمێریکا** ی باکوورە.

جا سەرەڕای ئەو بەیت و بالورانەی لەبارەی دیموکراسیبوونی کار و یەکسانی گشتییەوە لێیدەدەن، لەسەر ڕووی زەمیندا شوێنێک نییە بە ئەندازەی ئەو دوو وڵاتە دەسەڵاتی سەرمایە وا بێبەزەییانە خۆی بنوێنێ. شوێنێکیش نییە ئەوەندەی ئەو دوو وڵاتە هێزی سەرمایە تێیدا وا بە ئاشکرا هەستی پێبکرێ، کەچی بەناو دوو دەوڵەتی دیموکراسین!! لە واقیعدا هەرچی هەوڵ تەقەللایەکی کرێکاران هەیە بۆ باشترکردنی گوزەرانیان، بە ئاگر و ئاسن پێشوازییان لێ دەکرێ و ئاگری شەڕی ناوخۆیان بۆ هەڵدەگیرسێنن. ژمارەی سەرباز و سوپا لەم دوو وڵاتەدا لەچاو خۆیاندا کەمن. بەڕادەیەک لە **سویسرا** هەر میلیشیا هەیە. هەموو هاوڵاتییەک لە ماڵی خۆیدا خاوەنی چەکی خۆیەتی، تا ئەم دواییەیش لە ئەمێریکادا سوپای فەرمی نەبوو. هەر مانگرتنێکی کرێکارانەیش دەستپێدەکات چینی بۆرژوا خۆی پڕ چەک دەکات و دەکەوێتە سەرباز بەکرێگرتن تا مانگرتنەکەیان پێ سەرکوت و زیندەبەچاڵ بکا. لە سەرانسەری دونیایشدا شوێنێک نییە ئەوەندەی ئەو دوو وڵاتە، دڵڕەقانە بزووتنەوەی کرێکارانی تێدا خەفە بکرێ؛ لە هیچ وڵاتێکی سەر زەمینیشدا نابینی لەناو پەرلەماندا، سەرمایە ئەوەندەی ئەو دوو وڵاتە دەسەڵاتی هەبێ. هێزی سەرمایە و **بۆرسە** هەموو شتێکن. پەرلەمان و هەڵبژاردن لەوە بەولاوە بووکەشووشە و داشی دامەن و یارییان پێدەکرێ شتێکی تر نین، بەڵام هەتا بەرەو پێش بچین کرێکاران زیاتر چاویان دەکرێتەوە و بیروڕایان لەمەڕ دەسەڵاتی سۆڤیاتی زۆرتر گەشەدەکا و پەرەدەستێنێ، بەتایبەت لەدوای ئەو کوشت و کوشتارەی تازە لێی قوتار بووین، پرۆلیتاریایش چاکتر بۆی ساغ دەبێتەوە کە دەبێت درێژە بەخەباتی سەخت و خوێناوی خۆی بدا لەدژی سەرمایەداران.

سیستمی کۆماریی، بەهەر شێوەیەک و لەهەر بەرگێکدا خۆی نیشان بدا، تەنانەت ئەگەر لە باڵاترین شێوەیشدا پەیڕەوی دیموکراسییەتی کرد، ئەگەر موڵکییەتی تایبەتی زەوی و کارگە و کارخانە و سەرمایەی تایبەت هەبوو، ئەوە هەر کۆماریی بۆرژوایە و کۆمەڵ بەگشتی دەبێتە کۆیلەی کاری کرێگرتە. بەجۆرێکی تر بڵێین، لەهەر دەوڵەتێک دا ئەگەر ئەو مەسەلانەی بەرنامەی حزبی ئێمە و دەستووری سۆڤیاتی جێبەجێ دەکەن، پەیڕەو نەکرێ و نەچەسپێنرێ، ئەو دەوڵەتە ئامرازی دەستی چەند کەسێکە و سەرپاکی جەماوەری پێ سەرکوت دەکەن.

ئێمەیش ئەو ئامرازە دەخەینە دەست ئەو چینەی کە لەسەریەتی دەسەڵاتی سەرمایە تەفروتوونا بکا. ئێمە دژی ئەو قسە کۆن و پڕووپوچەین کە دەڵێ: دەوڵەت یەکسانیی گشتییە. ئەم چەشنە بیروڕایە لەهەڵخەڵەتاندن زیاتر هیچی تر نابەخشێ، چونکە هەتا چەوساندنەوە هەبێ مەحاڵە یەکسانی ببێ. هەرگیز خاوەن زەوی و کرێکاری، برسی یەکسان نابن. ئەمڕۆ ئەرکی پرۆلیتاریا ئەوەیە ئەو ئامرازەی خەڵکی ناوی دەوڵەتی لێدەنێن و بەوپەڕی ڕێزەوە لەبەردەمیدا بەچۆکا دێن و باوەڕ بەو ئەفسانە کۆنەکە دەکەن کە دەڵێ: دەوڵەت دەسەڵاتی گەلە، فڕێ بدا و پڕ بە گەرووی هاوار بکا و بڵێ: ئەم قسەو باسە سەرپاکیان درۆ و دەسەلەی چینی بۆرژوان.

ئێستا ئێمە ئەم ئامرازەمان لە چنگی سەرمایەرداری دەرهێناوە و بەدەستی خۆمانەوەیە، بەم ئامرازە یان بەم گالۆکە هەرچی چەوساندنەوە هەیە تەفروتوونای دەکەین. کاتێک کە خاوەن زەوی، خاوەن کارخانە لەگۆڕێ نامێنن، کاتێک ئەو بارودۆخە لەئارادا نامێنێ هەندێ ئێنتەلا بکاو هەندێکی تریش لەبرسا بمرن، ئەوکاتە دەستبەرداری ئەم ئامرازە دەبین و نە دەوڵەت دەمێنێ و نە چەوساندنەوە.

ئەمەیە باری سەرنجی حزبی ئێمە، حزبی کۆمۆنیست. سەبارەت بە دەوڵەت. هیوادارین لە وانەبێژیەکانی داهاتوودا بێینەوە سەر ئەم مەسەلەیە و قسەی تری لەسەر بکەین.

ئەم ووتارە یەکەمجار لەژمارە (15)ی ڕۆژنامەی (پراڤدا)ی ڕۆژی (18) ی کانوونی دووەمی ساڵی 1929دا بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە دانراوەکان

چاپی پێنجەم

بە زمانی رووسی

بەرگی 39 لاپەڕە 64 ـ 84

تێبینی دەقی ئەم تێکستە بە زمانی عەرەبی (دار التقدم)ی موسکۆ چاپ و بڵاوی کردوتەوە.

پەراویزەکان

---

[i] زانکۆی سفیردلوف: لەبنەڕەتدا بۆ گوتنەوەی چەند وانەیەک دامەزرا بەدەستپێشخەری ***سفیر دلوف*** بە مەبەستی پەرەپێدان و هۆشیارکردنەوەی کادیران لەساڵی ١٩١٨دا و سەر بەکۆمیتەی ناوەندی سۆڤیەتەکانی سەرانسەری ڕووسیا بوو.

لە ژانوییەری ساڵی ١٩١٩دا، ئەم وانانە بوونە قوتابخانەیەک و بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری سۆڤیتاتەکان تەرخانکرا. پاشان بە بڕیاری کۆنگرەی هەشتەمی حزبی کۆمۆنیست بەلشەفیکی ڕووسی، بووە قوتابخانەی ناوەندی حزب و سۆڤیتاتەکان و ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بەڕێوەدەبراو ئەرکی ئامادەکردنی کادیرانی خرایە ئەستۆ.

لەنیوەی دووەمی ساڵی ١٩١٩دا، ناوی زانکۆی ***سفیردلوف*** ی کۆمۆنیزمی لێنرا.

***لینین*** بایەخێکی لە ئەندازە بەدەریدا بەم زانکۆیە و هەر خۆیشی بەرنامەی بۆ دانا. لە ١١ی ژوڵای و ٢٩ی ئۆگستی ١٩١٩دا، دوو وانەبێژیی لەبارەی دەوڵەتەوە پێشکەش بە قوتابیانی ئەو زانکۆیە کرد. ئەم نامیلکەیە وانەی یەکەمیانە و دووەمیان نەدۆزراوەتەوە.

[ii] مەنشەفیکەکان: مەبەست لە هەوادارانی چینی بۆرژوای هەلپەرستی ناو بزوتنەوەی سۆشیال دۆموکراتەکانی ڕووسیاو نوێنەرانی چینی بۆرژوایە لەناو چینی کرێکاراندا. لە کۆنگرەی دووەمی حزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیادا. کە لە ١٩٠٣دا بەسترا، ئەم ناوەیان بەسەردا بڕا. چونکە لەکۆتایی کۆنگرە داو لەکاتی هەڵبژاردنی دەزگا ناوەندییەکانی حزبدا، دەرکەوت ئەوانە کەمایەتین. سۆشیال دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان و لەسەروو هەموویانەوە لینین، زۆر بە دەرچوون. لەمەوە ناوی بۆلشەفیک کە مانای زۆربەیە بەسەر ئەمان و مەنشەفیک کە مانای کەمایەتی دەگەیەنێ لەوان نرا.

لە قوناغی شۆڕشی ١٩٠٥ ـ ١٩٠٧دا، مەنشەفیکەکان قایل نەبوون پرۆلیتاریا سەرکردایەتی شۆڕش بکاو هاوپەیمانێتی کرێکاران و جووتیاران بێتەدی. لەبریتی ئەوە گەرەکیان بوو لەتەک بۆرژوای لیبراڵدا ڕێکبکەون. لەساڵانی ١٩٠٧ ـ ١٩١٠دا، واتە دای شکستی شۆڕش و هێرشی بێ بەزەییانەی کۆنەپەرستان، مەنشەفیکەکان داوایانکرد، دەست لەکاری نهێنی هەڵبگرن و هەولیان دا حزبی پرۆلیتاریا کە ئەوکاتە نهێنی بوو، لەبەین بەرن.

شۆڕشی دیموکراتی فێبرییەر ١٩١٧ لەوڵاتی ڕووسیادا دەسەڵاتێکی دوولانەی هێنایە گۆڕێ و دیکتاتۆریەتی بۆرژوا کەلە حکومەتی کاتیی چینی بۆرژوا خۆی دەنواند. دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و جووتیاران کە لەدەسەڵاتی سۆڤیەتاتەکاندا دەبینرا، مەنشەفیک و سۆشیال شۆڕشگێڕەکان لەحکوومەتە کاتییەکەدا بەشدارییان کردو بەهەموو توانایانەوە بۆ پاڵپشتی سیاسەتی ئیمپریالیزم دژی شۆڕشی پرۆلیتاریا کە بەردەوام لەبەرەو پێشەوەچووندابوو، تێدەکۆشان. مەنشەفیکەکان لەناو سۆڤیتاتەکاندا هەمان سیاسەتیان گرتەبەر. بەسەرێک پشتگیریی حکومەتی کاتییان دەکرد و بەسەرێکی تریش، جەماوەریان لەرێڕەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانە لادەدا.

لە شۆڕشـــی ئەکتـــوبەری ١٩١٧، مەنشـــەفیکەکان بە ئاشـــکرا بـــوونە حزبێکـــی دوژمـــن بە شـــۆڕش و کەوتـــنە ڕێکخســـتنی پـــیلان و ئـــاژاوە نـــانەوەو لەهـــەموو ئەو هەوڵانەدا بـــۆ لەباربردنی دەسەڵاتی سۆڤیەتی دران، بەکردەوە بەشداربوون.

iii سۆشـیال شۆڕشـگێڕەکان حزبـی چینـی بـۆرژوای ڕووسـی بـوون، لەدوا دوای ســـاڵی ١٩٠١و ســـەرەتای ١٩٠٢دا لەئەنجـــامی یەکگـــرتنەوەی ئەڵـــقە وگرووپی جیاجیای پۆپۆلیستەکان هاتە کایەوە.

لەســـــاڵانی شـــــەڕی یەکەمـــــی جیهانـــــدا ١٩١٤ـــــ ١٩١٨ زۆربەی زۆری سۆشـــــیال شۆڕشـــگێڕەکان هەڵویســـتی سۆشـــیال شـــۆڤینیانەیان بـــۆ خۆیـــان هەڵبـــژارد. دوای شۆڕشـــی دیمـــوکراتی لە فێبـــرییەری ١٩١٧دا سۆشـــیال شۆڕشـــگێڕو مەنشـــەفیکەکان هێـــزی بنچینەیـــی حکـــومەتی کـــاتی چینـــی بـــۆرژواو خـــاوەن موڵکەکـــان بـــوون. ئەو حکومەتـــەی کە بەهەمـــوو توانـــایەوە دژی شـــۆڕش ڕاوەســـتا. ســـەرکردەکانی ئەم حـــزبە *ئەڤکســـنتیف و کیرنســـکی و تشـــیرنۆف* بەشـــدارییان لە حکـــومەتی نـــاوبراودا کـــردو بەرەســـمیش پشـــتگیرییان لـــە دەرەبەگـــەکان دەکـــرد، نەک هەر ئەوەیـــش بەڵکـــو داوای پاراســـتن و هێشـــتنەوەی مـــوڵکییەتی دەرەبەگایەتیشـــیان دەکـــرد. ئەوەبـــوو ـــ وەزیـــر ـــ ە سۆشـیال شۆڕشـگێڕەکانی نـاو حکـومەتی کـاتی، دەسـتەو تـاقمی سـەرکوتکەریان نـاردە سەر ئەو جووتیارانەی زەوی دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکانیان زەوتکردبوو.

لەســـاڵانی شـــەڕی نـــاوخۆدا کە ســـوپای بێگـــانەیش دەســـتی خســـتە نـــاو کاروبـــاری وڵاتەوە، سۆشـــیال شۆڕشـــگێڕەکان بەکـــردەوە دژی شـــۆڕش ڕاوەســـتان و بەهەمـــوو توانایـــانەوە بـــوونە پاڵپشـــتی ســـوپای بێگـــانە و پاســـەوانی ســـپی و بەشـــداری ئەو پیلانانەیـــان کـــرد کە دژی شـــۆڕش ڕێکـــدەخران. ئەمە جـــگە لەوەی چەنـــدین کـــاری تیرۆریســـتییان دژی ســـەرکردەو پیـــاوانی دەوڵەتـــی ســـۆڤیاتی حزبـــی کۆمۆنیســـت ئەنجامـــدا. دوای کۆتـــایی هـــاتنی شـــەڕی نـــاوخۆیش سۆشـــیال شۆڕشـــگێڕەکان چ لەنـــاخۆی وڵات وچ لەنـــاو ڕێـــزی پاســـەوانانی ســـپیدا بەردەوامبـــوون لەســـەر کـــاری دوژمنانەیان دژی دەوڵەتی شورەوی.

iv له [٢] ١٥ـی مارسـی سـاڵی ١٩١٧دا حكـومەتی كـاتی بـانگی كۆمەڵـەی دامەزرێـنەر "الجمعیـة التأسیسـیة" ی كـرد بـۆ كۆبـوونەوە. له [١٤] ٢٢ـی مەیـدا حكـومەتی كـاتی بریـارێكی دەركـرد، بە پێـی ئەو بڕیـارە [١٢] ٢٥ـی نـۆڤەمبەری بـۆ رۆژی هەڵبژاردنـی ئەندامانی كۆمەڵی ناوبراو دانا.

پـاش سـەركەوتنی شۆڕشـی ئەكتـۆبەر لەرۆژی دیـاریكراودا واته له[ ١٢] ٢٥ـی ئەكتوبـەری سـاڵی ١٩١٧ دا دەسـت بەهەڵبـژاردن كـرا. جـا لەبەرئەوەی چـۆنیەتی هەلبـژاردن بە پێـی چەنـد یاسـایەک بـوو، پێشـتر حكـومەتی كـاتی داینـابوون، دەبینـین نـوێنەرایەتیی لەو رێـژە نـوێیه نەدەكـرد كه هێـزه سیاسـیەكانی وڵاتـی پێكـدەهێنا. بـۆیه سۆشـیال شۆڕشـگێڕە ڕاسـتڕەوەكان و مەنشـەفیكەكان بـوونه خـاوەنی زۆربەی زۆری ئەندامانی كۆمەڵی دامەزرێنەر.

له پێنجـی ژانـوییەری سـاڵی ١٩١٨ دا كـۆمەڵی دامەزرێـنەر كـرایەوە و پـاش ئەوەی زۆربەیـان كه دژی شـۆرش بـوون *بـانگەوازی مـافی گەلـی رەنجـدەرو چەوسـاوە* یـان ڕەتكـردەوەو بڕیاریشـیاندا دەنـگ بـه مەرسـوومی بەروبـومی زەوی وئاشـتی نـەدەن كه دوو مـژاری گرنـگ بـوون و دەسـەڵاتی سـۆفیاتی پێشكەشـی كردبـوون. كـۆمیتەی ناوەنـدی سەرانسـەری ڕووسـیا، بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی كۆمەڵـەی دامەزرێـنەری دەركـرد. ئەم بڕیـارە زۆر بە گەرمیـی لەلایەن جەمـاوەری بەربـڵاوی كرێكاران و جووتیاران و سەربازانی ڕووسیاوە پێشوازییان لێكرا.